# ئەو"پەنجەرە"یەی گۆران مەریوانی بکەنەوە!

نزار جاف ـ ئەڵمانیا

له سلێمانی، ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابردووبوو، لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر و شاعیری لاودا ئاشنابووم. نازانم بۆچی و چۆن، بەڵام شوێنی به یەکتر گەیشتنمان چایخانەی"قەڵادزێ"یەکان بوو، که کەوتبووه بەرامبەر دەرگا لاوەکییەکەی سینەمای سیروان. لەو چایخانەدا، ئومێد ئاشنا، عوسمان شەیدا، گۆران مەریوانی، حەمه رەنجاو، فاتح عیزەدین، محمەد عومەر عوسمان، محەمەد ساڵح لاجانی و، نووسەری ئەم دێڕانه کۆدەبووینەوە و، هەندێک جاریش خەبات عارف یان حسێن سابیر"که پاشان به حسێن بەفرین ناسرا"خۆیان بەو چایخانەدا دەکرد. دێتەوە یادم، ئومێد ئاشنا یادی بەخێر، هەمیشه باسی نووسینەکانی"جوبران خەلیل جوبران" و، شیعرەکانی"والت ویتمان" و، "لۆرد بایرۆن"ی دەکرد. عوسمان شەیداش"یادی بەخێر بێت"، به هەناسه هەڵکێشانەوە، شیعری نوێی خۆی دەخوێندەوە که تیایدا تیشکی دەخسته سەر چەوسانەوە چینایەتی. گۆران مەریوانیش، که مرۆڤێکی کەمدووبوو، زۆربەی کات هەر گوێبیستی ئەم و ئەوبوو و، ناو به ناویش باسی نووسینەکانی"تروتسکی" و، لینین و، رێژییه دووبرییه دەکرد و، کەم جاریش، له ناکاودا پارچه کاغەزێکی بچوکی دەردەهێنا"که پێم وایه بەرگی پاکەته جگەره بوو"، و، به وردی شیعرێکی لەسەر نووسیبوو. گۆران مەریوانی، هەر وەک چۆن کچێکی رۆژهەڵاتی شەرم له باسکردنی هەندێ لایەنی ژیانی دەکات، ئەمیش زۆر به شەمەوە و، به دەنگێکی نزم دەیگوت: شیعرێکی تازەم نووسیوە، حەز ئەکەن گوێی لێ بگرن؟". هەر لەو چایخانەیە و، بەو شێوازەی که باسمکرد، گۆران مەریوانی شیعری"پەنجەرە"*ی بۆمان خوێندەوە. ئێستاش بیرمە، هەر دوای تەواوبوونی له خوێندنەوەی شیعرەکەی، بێ دەنگییەک کەوته نێوانمان، تا سەرەنجام ئومێد ئاشنا شکاندی به داواکردنی دووبارە خوێندنەوە ئەو شیعرە. هەر بەو هۆیەشەوە، ئێوارەی ئەو رۆژه چووین بۆ باڕی"پیشەسازی"تەنیشت کتێبخانەی گشتی و، ئیدی لەوێ "پەنجەرە" ئەوەندە به گۆران دووبارە کرایەوە تا پێم وایه به تەواوی بێزاربوو، ئاخر هەر وەک له سەرەتادا وتم، گۆران کەسێکی مەنگ بوو، زۆر حەزی به قسەکردن نەدەکرد، بەڵکو پتر ئارەزووی بیستنی هەبوو. ئەو کاتە، من بەرهەمی شاعیرە لاوەکانم بۆ زمانی عەرەبی وەردەگێڕا و، حەفتانه له حەفتەنامەی بەغدایی"الراصد"دا، بڵاوم دەکردەوە، حەزم کرد"پەنجەرە"ش ورگێڕم، بەڵام سەیر لەوەدا بوو که گۆران مەریوانی هەر بیانووی جۆراوجۆری دەهێنایەوە و، ئەمڕۆ و سبەنێی پێ دەکردم، تا ئەو رۆژە هات که له دەوروبەری ساڵی1978دا،لەیەک دابڕاین و، دەنگی یەکدیمان نەبیست تا مانگی گەلاوێژی ساڵی2005. هەر که جارێکی تر، پردی پێوەندی نێوانمان والابوو، ئەو له سوید و، من له ئەڵمانیا، یەکسەر و، بەر له هەموو شتێک داوای هەڵبەستی "پەنجرە"م لێ کرد، گۆرانیش هەر وەک ئەوەی که له سەربانێکەوە بەریدەیته خوارەوە، سەرسام بوو و، بۆ چەند چرکەیەک بێدەنگ بوو، پاشان به دەم نەرمه پێکەنینێکەوە وتی: چی پەنجەرەی بیر

هێنایەتەوە؟ من لە مێژەوە وازم لە شیعر نووسین هێناوە! بەڵام ئەوەندە پێم داگرت لەسەر داواکارییەکەم، تا سەرەنجام گفتی ئەوەی پێدام کۆششی خۆی بکات تا بۆمی بدۆزێتەوە و، تا ئەوەندەی بۆشم دەدۆزێتەوە، پارچە شیعرێکی بە ناونیشانی"هێلین" بۆ ڕەوانە کردم. ئەوەبوو ڕۆژی26 ـ 9 ـ 2005، دوای سێ مانگ گەڕان بە دوای پەنجەرەکەیدا، سەرەنجام دۆزییەوە و، بۆی ناردم، بەڵام لەگەڵ "پەنجەرە"کەیدا، چەند ڕستەیەکی بۆ نسیبووم کە لەوانە:

(لەو ڕۆژەوە داوای ئەم شیعرەت کردوە، بە شوێنیدا وێڵم تا دۆزیمەوە. وەلێ بە دۆزینەوەی خەمێکت بۆ دروست کردم کە کەمجار هەمبووە! ئەوجا نازانم سوپاست بکەم یا(لەعنەتت)بۆ بنێرم!) لە ڕاستیشدا، هەڵبەستی"پەنجەرە"ی گۆران مەریوانی، بەرهەمێکی زۆر نایاب و، پڕ لە ڕەهەندی جیاواز و، جۆراوجۆرە و، دەکرێت بە چیایەکی دابنێین هەر کە دەگەینە لوتکە دەبینین ئێمە لە بناری چیایەکی بڵندی دیکەداین و، بەم جۆرەش بەردەوام دەبین تا، لە نێوان زنجیرە چیاکەی پەنجەرەکەی گۆران مەریوانیدا، شتێکی ونبوو لە خۆمان و، لە ناخی خۆمان دەدۆزینەوە. پەنجەرە، نەک تەنها لەو کاتەدا، بەڵکو هەنووکەش، بازدانێکی نائاساییە لە ئاسمانی شیعری کوردیدا و، لە میانەی وشە و ڕستەی سادە و ساکارەوە، خوێنەر بەرەو دەریایەکی بێ بن پەلکێش دەکرێت. ئەو "پەنجەرە"یە، کە لە نێوان بەرامبەر و کەسێ سێیەم و خوددا دێت و دەڕوات، ئەو نامۆییەی کە بێرتولد برێشت لە شانۆ داستانییەکەیدا، بەرجەستەکردبوو، بە جوانی ڕووبەڕووی دەبینەوە. گۆران، کە لەو سەردەمەدا چەپێکی"تێر و پڕ"بوو، بە باشی درک بەوە دەکرێت کە یاساکانی دیالکتیکی ماتیریالیزم لە دێڕەکانی ئەو پەنجەرەیەدا شوێنی خۆی کردۆتەوە و، هەر بۆیە کار و کاردانەوە، ڕێژەیی و ڕەهایی و، کات و شوێن بە جۆرێکی فەلسەفی گونجاو لە ناو شیعرەکەدا تواوەتەوە. گۆران مەریوانی لە سوچێکی پەنجەرەکەیدا دەڵێت:

ئەمە شەتڵی ماچێکێتی لەسەر سینگم!
هەر کە شەو دێ،
سەوز دەبێ و گەڵا دەکا!
ڕەگو ریشەی لە خاکی پشتم گیر ئەکا!
وەکو بڵێ:
"ئەمە نیشتیمانی منە،
دەفەرمووـ تۆ هەڵم کێشە!"

ئەو پێوەندییە جەدەلییەی کە لەو دێڕانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت و، ئەو تەداعییە نەرمەی کە لێی دەکەوێتەوە، ئاکام و واتای نوێی لێ هەڵدەقوڵێت. لە پەنایەکی دیکەی پەنجەرەکەیدا گۆران دەڵێت:

ئەو پەنجەرەیە بکەرەوە!
ئەگەر بۆنی گەرمە ئارەقی ئەو نەبێ،
دڵم،
سینەم،

هەتا دەروازەی ژیانم،
داخەرەوە!

شاعیر لێرەدا، وتار ئاراستەی بەرامبەر دەکات و، لە خودوە بۆ کەسێ سێیەم"کە یارە" دەڕوات و، دەسەڵات دەبەخشێتە بەرامبەر کە ببێتە دادوەر لە ئاستی راستی هەستیدا. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا سەرنج رادەکێشێت، ئەوەیە کە شاعیر کاتێک داوای کردنی پەنجەرە دەکاتەوە، لە هەمان ساتدا گیرۆدەیی خۆی بە"بۆنی گەرمە ئارەقی ئەو"رادەگەیەنێت و، کردنەوەی پەنجەرە بۆ هاتنە ژوورەوەی شنە بایەکی تازە نییە، چونکە گۆران مەریوانی هەر بە چەشنی "شیلەر"کە دەڵێت: (گەر هەناسەی تۆ نەبێ شنەبا ئەو بۆنە خۆشەی نابەخشێت) ئەمیش"واتە مەریوانی" رادەگەیەنێت:("بۆنی گەرمە ئارەقی ئەو"ی لە"شنە"ی هەموو دنیای پێ خۆشترە.

لە قوژبنێکی تری تەماوی پەنجەرەکەیدا، گۆران مەریوانی دەڵێت:

ئەو پەنجەرەیە بکەرەوە!
من،
بۆنی هەناسەی ئەو،
لە نێو شنەی
دنیادا
دەناسمەوە!

بەڵام لە لایەکی تری پەنجەرەکەدا، دەڵێت:

لە دووریا، لە بنی تابووتێکی بێکۆتاییا نوقمم.
ئەرێ تۆ....!!
پێش ئەوەی سەرم بنێیتەوە،
پەنجەرەیەکم بۆ دابنێ!
با هەناسەیەکت هەڵمژم.

لەو دوو کۆپلێیەدا، کە"یار" لە یەکەم کۆپلێدا، کەسی سێیەمە و، لە دووەمیشدا، بەرامبەرێتی! لە یەکەم باس لە هەناسەی ناسراوی یاری دەکات و، لە شنەی دنیای جیا دەکاتەوە، کەچی لە دووەمیشدا، راستەوخۆ و، بەر لە سەر نانەوەی"واتە مەرگێکی خۆویستی"، داوای هەناسە هەڵمژین لە یارەکەی دەکات و، بەمەش مەریوانی دەخوازێت مەرگێکی خۆویستی خۆی"یاخود نەبوونی" لە"بوونی" هەناسەیەکی ئەودا، بەرجەستەبکات و، ئەم ئاراستە بێهودەییەی کە لە پەنجەرەدا سەر هەڵ دەدات، ئاراستەیەکی قوڵتر لە رووی شێوە و ناوەرۆکەوە بە هەڵبەستەکە دەبەخشێت. سەیرتر لەوەش، گۆران لە کۆپلێیەکی پێشتردا، لە باسکردنی راستەوخۆی یاری خۆی دەپارێزێت و، هەمان شێوازی بێهودەیی دەگرێتە بەر کاتێک دەڵێت:

ئەگەر دووری نەبایا
مرۆڤ هەرگیز لە شەقامی تەمەنیا
ئاوا نەدەبوو.
ئای دووری چۆن بووی بە پرد

له نێوان بوون و نه بوونیا!
هەڵبەته لێرەدا، سەرباری ئەوەی رووبەڕووی ئاراستەیەکی فەلسەفی نوێ له پەنجەرەدا دەبینەوە، ئەویش بەراوردکردنی کات وەک پردێک له نێوان بوون و، نەبوونی ئەودا، بەڵام له هەمان کاتیشدا، ئەم کۆپلێیه دابڕانێکی کاتییه له بنچینەی هەڵبەستەکە و، مەودایەکە بۆ پشوودان و، بیرکردنەوەیەکی نەرم، هەر بە شێوازی"نامۆ"ییەکەی برێشت له شانۆ داستانییەکەیدا، بەڵام هەر وەک شاعیرێکی فارس دەڵێت:
ژیان دەرەنجامی نەبوونە
سروودێکی ناتەواوی بوونە!
مەریوانی خەریکه هەمان واتا دەردەبڕێت بەڵام بە شێوازێکی دیکە. موزەفەر نەواب له دێڕە شیعرێکیدا دەڵێت:
تۆ کێیت؟!
بەسەرهاتی ئەم بایەت  چییە؟
ئا لەم کاته پڕ له گومانەشدا سەر دەدەیت!
مەریوانیش بە هەمان ئاراسته، داوای کردنەوەی پەنجەرەکان دەکات، ئەو هەندێ جار داخران و کردنەوەشی لا یەکسان دەبێت، بەڵام له دەرەنجامی کۆتایی مەبەستیدا، ژیان وەک بەهایەک، بە بوونی یارەوەی دەبەستێتەوە، کاتێک بە راشکاوانه دان بەوەدا دەنێت کە:
من،
بێ هەناسەی تۆ،
دەمرم.
کۆتایی هێنان بە هەڵبەستی"پەنجەرە"بەو دەربڕینە راشکاوە، پێوەندییەکی بە شێوازی مامەڵەکردنەوە لەگەڵ رەهەندی رۆمانسیدا لەو هەڵبەستەدا هەیە. ئیستاتیکییەتی بابەتی رۆمانسیش پتر قوڵتر و پڕ واتاتر دەبێت کاتێک بە جۆرێکی ناراستەوخۆ و، دوور له بەکارهێنانی وشه ئاساییەکانی سۆزداری بەرجەسته بکرێت.
پەنجەرە، دەروازەیەک بوو له کات و شوێنێکی دیاریکراودا، له قوڵایی گیان و دڵی گۆران مەریوانیدا کرایەوە و، ئەگەر بەردەوامی و، پەرەی پێ بدرابیە، ئەگەری ئەوە هەبوو رێبازێکی تایبەتی بۆ خۆی له جیهانی شیعری کوردیدا، دروست بکردایە، کەچی بەداخەوە نازانم بۆچی ئەو پەنجەرەیەی گۆران داخرا و، چەند پەنا و پاسارێکی تری له ئاسمانی شیعری نوێدا نەخستەڕوو؟!

*پەنجەرە

ئەو پەنجەرەیه بکەرەوە،
با بۆنی هەناسەیەکی هەڵمژم.
من ئەوەتا، لەسەر جێگاکەم،

کەوتوومەتە ناو تابووتی بێ کۆتایی مردنەوە.

ئەویش ئێستا،

لەسەر جێگاکەی ئەتلێتەوە و،

چنگ لە پێخەفەکەی گیر ئەکا.

دڵیشم لەسەرخۆ،

تک،

تک،

بەسەر بەردی سینەمدا ئەتوێتەوە و،

بڕبڕەی پشتم داخ ئەکا!

.....

ئەو پەنجەرەیە بکەرەوە!

ئەگەر بۆنی گەرمە ئارەقی ئەو نەبێ،

دڵم،

سینەم،

هەتا دەروازەی ژیانم،

داخەرەوە!

.....

ئەمە شەتڵی ماچێکێتی لەسەر سینگم!

هەر کە شەو دێ،

سەوز دەبێ و گەڵا دەکا!

ڕەگوڕیشەی لە خاکی پشتم گیر ئەکا!

وەکو بڵێ:

"ئەمە نیشتیمانی منە،

دەفەرموو تۆ هەڵم کێشە!"

....

ئەگەر دووری نەبایا

مرۆڤ هەرگیز لە شەقامی تەمەنیا

ئاوا نەدەبوو.

ئای دووری چۆن بووی بە پرد

لە نێوان بوون و نەبوونیا!

....

ئەو پەنجەرەیە بکەرەوە!

من،

بۆنی هەناسەی ئەو،

له نێو شنەی
دنیادا
دەناسمەوە!
.....
لە دووریا، لە بنی تابووتێکی بێکۆتاییا نوقمم.
ئەرێ تۆ...!!
پێش ئەوەی سەرم بنێیتەوە،
پەنجەرەیەکم بۆ دانێ!
با هەناسەیەکت هەڵمژم.
.....
من،
بێ هەناسەی تۆ،
دەمرم.

گۆران مەریوانی ـ سلێمانی